

# پاشقولەکانی نێو دەستوور

## جەزاچنگیانی

کەسانی زۆر هەن شارەزاییان لە هونەری شێوەکار هەیە . وەلی بە دنیا هونەری فوتۆگراف نامۆن . هەیە کورتە چیرۆك و ڕۆمان دەنووسی کەچی بە هونەری هۆنراوە (دنیا شیعر ) نامۆیە وەك (من ) . کەواتە تێگەیشتن لە نووسین تایبەتمەندیتی خۆی هەیە . دۆزێکی لۆژیکە ... تاوان نیە کۆلکە خۆیندەوار و خۆیندەواری ئاسایی لە بڕگە و واژەی نوسینی سیاسی و دەستوری نۆی عیراق نەگەن . وەلی تاوانبار ( خائین و خۆفرۆش ) ئەو کەسەیە کە لە تەواوی کوون وکەلەبەری نووسینی دەستوری تێدەگات . لە کاتی خۆیندنەوە و پەیڤکردن لە سەریان پاشقول لە کۆمەڵگا و خاوەن ( پرسیار ) دەگرێت . ئیستاکە لە کوردستان و هەندەراندا هێندە کەسانی پسپۆڕ و ڕۆشنبیری نەتەوەی پەیدابوون . کە بتوانن دەقە یاسی وسیاسی و ئابوریەکان بەڕاسی بخوێننەوە. لەم دەستورە نۆییەی کە بۆ عیراق لە بەرژەوەندی ناسیونالیستی عەرەبی و بۆ نەگبەتی کورد داریژڕاوە بگەن . گەر بە ووردی سەرنجی یەکە یەکەی بەندەکانی بدەی پاشەڕۆژی گەلی کورد لە باشوردا و نەتەوەی کورد لە کوردستانی مەزندا خستۆتە نێو سنورێکی دڕکاوی دەستوریەوە کە زۆر زەحمەتە نەوەکانی داهاتوی کورد لە تاوانەکانی ڕزگار بن.ئەوەی بۆ ئێمەی نەتەوەی زۆر گرنگ بوو و پیویست بوو لە دەستوری نۆی عیراقدا رچاوبکرێت ئەوەیە ( شریعیتی کوردستان بوونی باشوری کوردستان ) ە وەك بەشێکی

**دابڕاو له خاكێكی مه‌زنی نه‌ته‌وه‌یه‌كی كۆلۆنیالیكراو نكۆلی لێ نه‌كرێت . گه‌لی كوردیش له باشوردا به شێك بێت له نه‌ته‌وه‌ی كورد نه‌ك ( به‌شێك بێت له گه‌لی عیراق ) له‌م ده‌ستوره‌دا ئێمه وه‌ك به‌شێكی نه‌ته‌وه‌ی كورد كاڵبووینه‌وه ئه‌ویش به هۆی هه‌ستی عیراقچیتی سه‌رانی كورده‌وه . ( اتحاد اختیاری ) ی كه عه‌ره‌به‌كان زۆر به هوشیاریه‌وه سه‌پاندویانه به‌سه‌ر كوردا ( ماره بڕینێكی زۆره ملییه ) جیاوازی له نێوان ( اتحاد اختیاری و فیدریالی ) ئه‌وه‌یه فیدریالی له پڕۆسێسی سیاسیدا قورساییه‌كی فره‌ی بۆ دیموكراتیزه‌كردنی كۆمه‌ڵگا هه‌یه وه‌ك ( اتحاد اختیاری) ڕوویه‌كی ئیسلامیه نه‌ك دیموكراتی. ئیسلام و دیموكراتی دوو ئاوزانن دژ به‌یه‌ك . ئه‌وه‌ی بچیته ژێر ڕكیفی ئیسلامه‌وه یه‌كه‌م نرخ كه له ده‌ستی ده‌دا ( ئازادی ) یه ئه‌مه ڕاستیه‌كه ئه‌وه‌ی به ویژدانی مرۆییه‌وه بڕوانیته سیاسه‌ت ده‌بێ بڵی وایه ( اتحاد اختیاری ) ( یه‌كیتی ئاره‌زوومه‌ندانه ) له كرۆكدا ( یه‌كیتی زاڵم و مزلۆومه ) له سه‌ر ویستی زاڵمه نه‌ك مزلۆوم. له سیسته‌می فیدریالیدا مافی جیابوونه‌وه هه‌یه( اتحاداختیاری )مافی جیابوونه‌وه له مه‌زلۆوم حه‌رامده‌كات . له ( یه‌كیتی ئاره‌زوومه‌ندانه – اتحاد اختیاری ) (زاڵم) خاوه‌ن هێزه ده‌بێ خاوه‌ن بڕیار و مافی زۆر و ده‌سه‌ڵاتی زۆربێ ئه‌م شێوه‌یه له ده‌سه‌ڵات له دوای سه‌رهه‌ڵدانی ئیسلامه‌وه محه‌مه‌د به شێوه‌یكی پرێمتیف له نێو خێڵه‌كانی قوڕیشدا له شێوه‌ی به‌رنامه‌یه‌كی سه‌ره‌تایدا و له‌پێناو به‌رژه‌وه‌ندی به‌رنامه‌ی ئیسلامدا به‌كاریهانی . له ( اتحاد اختیاری ) یه‌كه‌ی محه‌مه‌د دا جوله‌كه بۆیان هه‌بوو له سنوری ده‌سه‌ڵاتی ئیسلامدا بژین به مه‌رجی به‌رژه‌وه‌ندی عروبه و ئیسلام له سه‌روو به‌رژه‌وه‌ندی جوله‌كه‌وه بێت . كوردی جوله‌كه‌ش به پێی بۆچونی ( شیعه‌كان ) ده‌بێ ملكه‌چی بڕیاره‌كانی به‌غداد بێت**

**پاشقولی یه‌كه‌م** : **ئه‌وه‌ی سه‌روه‌ری بوو بۆ ئێمه‌ی باشووری له ته‌ك ڕژیمه‌كانی كۆلۆنالیستی عیراق و ئینگلیزدا له ڕۆژی لكاندنی باشووری كوردستان به عیراقه‌وه تا نووسینه‌وه‌ی ده‌ستوری هه‌میشه‌ی عیراق و پێشكه‌شكردنی به په‌رله‌مانی ناسیونالیسته عه‌ره‌به‌كان له به‌غداد له** 2005/0/28 **ئه‌وه بوو ناسیونالیستی عه‌ره‌بی خاوه‌نی (دوكۆمێنتێكی باوه‌ڕپێكراو و په‌سه‌ندكراوی خه‌ڵكانی كورد له باشوری كوردستاندا ) نه‌بوو كه به‌ڕه‌زامه‌ندی خه‌ڵكانی كورد. خاكی باشوری كوردستان ( بلكێنی به ده‌وڵه‌تی**

**ناسیونالیستی عەرەبی عیراقیەوە ) تا ڕۆژی 2005/08/28 ناسیونالیستی عەرەبی خەوی بەم ڕۆژەوە دەبینی و لە سایەی گەوجی ڕۆشنبیرانی کورد و هەردوو دیکتاتۆر ( جەلال و مەسعود ) بە دەستی خۆمان .. خۆمانمانکرد بە نۆکەر و سۆڵکەر و بەشێکی بچووکی نیشتمانی دڕترین ناسیونالیستی عەرەب لە عیراقدا . ئەوەی دەستنیشانی سنوری کردوە زۆر هوشیار بووە بۆیە ( سنور ) و دەسەلاتی نەتەوە و ( دەوڵەتی نەتەوە) لە تەواوی ئەم جیهانەدا پیرۆزە تەنیا لای کاڵفامە کوردەکان و ئەناشیزمەکان نەبێت . لەم دەستورەدا سنوری کوردستان حەرامکراوە . دەستوری نویێ عیراق تەنیا بریتی نیە لە دەستانی هەلێکی میژووی کە کورد لە باشووردا دەیتوانی دەوڵەتی کوردی لەم بەشەدا مسۆگەر بکات بەڵکو ( دەستوری نۆیێ عیراقی ) تەوقێکی ئاسنینەو دەچێتە گەردنی هیوا و ژیانی چەند نەوەیەکی داهاتووی کوردەوە لەئایندەدا بۆیان نیە داوای جیابوونەوە لە عیراق بکەن . تا ڕۆژی 28/08/2005 چەند نەوەیەکی کورد خەباتیان کرد بۆ بەدەستهێنانی مافە مرۆیەکانیی .. لە دوای ئەم دیرۆکەوە لە داهاتوودا دەبێت چەند نەوەیەك خەباتبکات بۆ سڕینەوەی ( دەستوری نۆی عیراق ) تا بتوانی ڕووی بێت بڵێت ئیمەش میللەتێکین دەوڵەتی سەربەخۆمان گەرەکە .**

**پاشقولی دووهەم : گرفتی ڕەسەنایەتی کوردستانیی بوونی ویلایەتی موصل . گەڕاندنەوەی شارە بە عەربکراوەکان و جیبەجیکردنی ماددەی ( 58) دوورخستنەوەی بۆ دووسالێ . یانی نکۆلیکردن و دوودڵی لە ڕەسەنایەتی کوردستان بوونی ویلایەتی موصل لە لایەن سەرانی کوردەوە . گەورەترین و بەکارترین ( چەك ) لە سیاسەتدا (درۆ) یە بە زمانی زانستی سیاسی یانی ( تاکتیك ) .. سیاسەتمەداران و ئیمزاکەرانی کورد لەم دەستورە چارەنووسداریەدا ( تاکتیکیان ) لە عەرەب نەکرد بەڵکو لە ( کوردیانکرد ). بازیکردن بە کات و بڕگە ومادە و سەر ژمێر ....هتد گشتی پاشقولە و لە دەستوری نۆی عیراق لە کورد گیرا کەرکوك و شارە بە عەرەبکراوەکانی تریش بە خەویش ناگەڕینەوە سەر هەریمی ( کوردستان ) ئەگەر لە بارو دۆخی سیاسی عیراق و ئەمەریکی و جیهان و ناوچەکەش زۆر زۆر لە باریش بێت بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای مێشك بەردی پڕێمتیفی عەرەبی سونە وشیعەی عیراقی . ئەوە دەکری هەرێمێکی تریش بۆ سونەی (تێکەڵاو ) ( کورد و عەرەب ) لە شارەکانی موصل , کەرکوك , خانەقین , تکریت**

.....هتد ) دروستبکەن . بۆنی ئەم هەرێمەش لەدەمی سونیەکان دێ کە داوای ئەوەیانکرد دەبێ هەرێم تەنیا لە سێ شار زیاتر نەبێت . بەم شێوەیە سنوری باشوری کوردستان ئەو سنورە دەبێت ( سلیمانی . هەولیر .دهوك ) کە شیخ مەحمودی نەمر و مەلا مستەفای بەرزانی تا لە ژیانیاندا بوون پەسەندیان نەکرد . ئیمڕۆ لە بەر دوو پلەی دەسەڵاتی ( کاریکاتوری ) سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی کۆماری عیراق ...هەردوو فرسان صلاح الدین *( جەلال و مەسعود ) پاشە ڕۆژی چەند نەوەی داهاتووی کوردیان لە زووخاو هەڵکێشائەوان لە پاشقولەکان گەیشتن وەلی لە تەندەری قۆنتەراتەکەیاندا وا هاتبوو دەبۆایە باشوری کوردستان بە ناسیونالیستی عەرەبی بە هەرزان بفرۆشن .

3- **پاشقولی سێهەم** : چۆاردە ساڵ ماوەیەکی گەلێك زۆرە ببێتە بەڵگەی ئەوەی هەتا ئایدۆلۆژیتی ( جەلالی و مەلا ) لە باشوردا قۆرخی دەسلاّت بکەن . هەریم بە دووقاشی دەمێنیتەوە . یانی ڕەنگە لە ئەنجامی پرۆسیسە ئابوریەکان باشوری کوردستان ببێت بە دوو هەرێم ( هەریمی سلیمانی جەلالی و هەریمی هەولیری مەلایی )

*فرسان صلاح الدین .... نازناوی جاشەکان بوو

سان پیترسبۆڕگ 01/09/2005
jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de